وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی رووداوەکەی بەسرەوە راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە

میقداد میری وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاگەیەندراوەکی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، کاتژمێر 21:30 خوولەکی ڕۆژی چوارشەممە لە گەڕەکی فەرمانبەرانی شارچکەی شەتولعەرەب لە ڕووداوەکی تاوانکاریدا، باوکێک بە چەکی AK-47 کە کلاشینکۆف ناسراوە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی کوشتووە کە 11 کەس بوون و دواتر خۆشی کوشتووە، لە نێو قوربانییەکانیشدا سێ لە منداڵن.

وتەبێژەکەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاشیگەیاندووە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوە بەرایییەکان دەرکەوتووە کۆشەی دارایی هۆکاری ڕووداوەکە بووە، بەڵام فەرماندەیی پۆلیسی بەسرە پێداوی لێکۆڵینەوەی کردووەتەوە بە ئاشکرا کردنی وردەکارییەکان.

ئەوارەی شەوی چوارشەممە،لە پارێزگای بەسرە پیاوێك لەناو ماڵەکەی خۆیان بە دەستێژی گوللە هەر 11 ئەندامی خێزانەکەی دەکوژێت و دواتر خۆیشی کوشت.

بەپێی سەرچاوە ئەمنیەکان باوکێک بەهۆی کەمەکەبوونی قەرزەوە لەسەری تەواوی خێزانەکەی کوشت و دواتر خۆیشی کوشت.